**یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

**یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**بەشی یەکەم**

**زاراوە و ئامانج و ئەرکەکان**

**ماددەی (١):**

ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ماناکانیان بەرامبەریانە:-

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم: وەزارەت:** وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

**چوارەم: وەزیر:** وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە وەزارەت.

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتییەکانی شوێنەوار و کەلەپوور دەگرێتەوە کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیین.

**حەوتەم: شوێنەوار:** ماددەی گوازراوە و نەگوازراوە، کە دروستکراوە، یان نەخشکراوە، یاخود بەرهەمهێنراوە، یان نووسراوە، دەستنووسە، یاخود وێنەیان کێشراوە، یان وێنەیان گیراوە و تەمەنیان لە (٢٠٠) دووسەد ساڵ کەمتر نەبێت، و پەیکەری مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکەکانیش دەگرێتەوە.

**هەشتەم**: **کەلەپوور:-**

١- **کەلەپوور:** هەر ماددەیەکی گوازراوە و نەگوازراوە کە دروستکراوە، نەخشکراوە، بەرهەمهێنراوە، نووسراوە، دەستنووسە، وێنەی کێشراوە، یان وێنەی گیراوە و بەهایەکی مێژوویی، یان نیشتیمانی، نەتەوەیی، ئاینی، یان هونەرییان هەیە.

٢- هەر ماددەیەکی گوازراوە یان نەگوازراوەی کەلەپووری، کە لە خاڵی (١)ی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، هەرکات تەمەنی لە (١٠٠) سەد ساڵ زیاتر بێت، و گرنگییەکی تایبەتی مێژوویی، هونەری، یان بیناسازی هەبێت و، لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە بە ڕاپۆرتێکی زانستی بەرزبکرێتەوە، بەرەزامەندی وەزیر بە شوێنەوار تۆماردەکرێ.

**نۆیەم: شوێن و ناوچەی مێژوویی:** ئەو شوێنەیە کە جێگایەک بووە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی، نەتەوەیی و نیشتمانی گرنگ، یان بایەخێکی مێژوویی پێدراوە.

**دەیەم: پارچە و شوێنی سروشتی**: ئەو پارچە و شوێنە سروشتییانە لەخۆدەگرێت کە مرۆڤ دروستی نەکردوون ، بەڵام پەیوەندی بە زانستی شوێنەوار و کەلەپوورەوە هەیە ، لە بواری بابەتە بایۆلۆجی و جیۆلۆجیەکان، وەک شوێنی سروشتی و ئەشکەوتە دەگمەنەکان و پەناگە و بەبەردبووەکان و شوێنی (ستالاکتایت) و (ستالاکمایت) و ڕەژوو و پاشماوەی ڕووەکی و ئاژەڵی، ئەگەر گرنگییەکی تایبەتی مێژوویی، یان هونەری هەبێت، بە بڕیاری وەزیر لەسەر پێشنیاری لیژنەی هونەری و بەراپۆرتی زانستی، بە شوێنەوار یان کەلەپوور تۆماردەکرێ .

**یازدەیەم: شوێن و ناوچەی پارێزراوی شوێنەواری یان کەلەپووری**: سەرجەم ئەو شوێن و ناوچە شوێنەواری و کەلەپوورییانە دەگرێتەوە، کە سنورێکی دیارکراویان هەیە و مەبەست لێی پاراستنی سیما ڕەسەنەکەیانە، وەک سامان و کەلەپوورێکی نیشتمانیی، و چەندین جۆر بینا و هونەری بیناسازی هەمەڕەنگ لە خۆدەگرێت، وەک (شار، شارۆچکە، گوند، گەرەك، شەقام، گرد، قەڵا، شوێنە ئاینییەکان، ئەشکەوت و گۆڕستانە کۆنەکان) کە لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە بە ڕاپۆرتێکی زانستی بەرزدەکرێتەوە و بە بریاری وەزیر بە شوێن و ناوچەی شوێنەواری یان کەلەپووری پارێزارو تۆماردەکرێ.

**دوازدەیەم: شوێنەوارناس**: هەر کەسێک هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە زانستی شوێنەواردا.

**سێزدەیەم: لایەنی پەیوەندیدار**: ئەو وەزارەت و لایەنە حکومییانە دەگرێتەوە کە راسپێردراون بەکاری پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور.

**چواردەیەم: لیژنەی هونەری**: لێژنەیەکە لە کەسانی پسپۆڕ لە بواری شوێنەوارناسی و بوارەکانی تری پەیوەندیدار بە شوێنەوار پێکدێت، و پێکهاتەکەی لەلایەن وەزیرەوە بە ڕێنماییەک دیاری دەکرێت.

**پازدەیەم: کاری شوێنەواری و کەلەپووری**: کاری گەڕان، ڕووپێوییی، هەڵکۆڵین و نۆژەنکردن بە ئامانجی دۆزینەوەی شوێنەواریی گوازراوە و نەگوازراوە، چ لەسەر زەوی بن، یان لەژێر زەوی یان لە ژێر ئاو و پاراستنیان، دەگرێتەوە.

**ماددەی (٢):**

حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەسەر هەر شوێنەوار یان کەلەپورێکدا جێبەجێ دەکرێت کە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:-

**یەکەم:** ئەگەر بەرهەمی شارستانی گەلی کوردستان یان میزۆپۆتامیا و شارستانیەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم ناوچەیە بێت، لەسەر خاکی کوردستان بەرهەم هاتبێت یان ڕوویدابێت.

**دووەم:** ئەگەر بەهایەکی شوێنەواریی یان هونەریی یان گرنگییەکی مێژوویی هەبێت، و یەکێک بێت لە دەرئەنجامەکانی شارستانیەتی گەلی کوردستان، و لەسەر خاکی کوردستان ئەنجامدرابێت.

**سێیەم:** ئەگەر شوێنەوار یان کەلەپوور لەسەر خاکی کوردستان بەرهەم هاتبێت یان گەشەی کردبێت یان پەیوەندی بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە هەبێت.

**ماددەی (٣):**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە:-

**یەکەم:** بەڕێوەبردن، پاراستن، نۆژەنکردنەوەی شوێنەوار و کەلەپوور و مێژووی شارستانیی هەرێم، ناساندنی بە هاونیشتیمانیان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

**دووەم:** تۆمارکردن و ڕووپێویکردن و هەڵکۆڵینی شوێن و ناوچەی شوێنەواریی و کەلەپووریی.

**سێیەم:** بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری، و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕێکخستنی چالاکی زانستی بۆ پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور.

**چوارەم:** نمایشکردنی پارچەی شوێنەواریی و کەلەپووریی لە مۆزەخانەکان بۆ ناساندن و بە گەشتیاری کردنی، وەک میراتێکی ڕۆشنبیری و ناسنامەیەکی گرنگی نیشتمانی.

**پێنجەم:** ڕێگریکردن لە بازرگانی و بەقاچاخ بردنی شوێنەوار و کەلەپوور.

**ماددەی (٤)**

ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی:-

**یەکەم:** دیاریکردن و دەستنیشانکردنی شوێن و ناوچەی شوێنەواریی و کەلەپووریی و مێژوویی.

**دووەم:** گەڕان و ڕووپێوی و هەڵکۆڵین بە دوای شوێنەوار و کەلەپووردا لە سەرتاسەری هەرێم، بە بەکارهێنانی نوێترین ئامێری زانستی و هونەری گونجاو و پەیڕەوکراو لە بواری زانستی شوێنەواردا.

**سێیەم:** نۆژەنکردنەوەی شوێنەوار و کەلەپوور و شوێنە مێژووییەکان و پاراستنیان لە زیانلێکەوتن و لەناوچوون.

**چوارەم:** دامەزراندن و کردنەوە و گرنگیدان بە مۆزەخانەکانی هەرێم، بەرەو پێشبردنیان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری شارستانیی نەتەوەیی و نیشتیمانی.

**پێنجەم:** دروستکردنی نموونەی (لەبەرگرتنەوە - لاساییکردنەوە)ی پارچەی شوێنەواریی و کەلەپووریی، بەرهەمهێنانی وێنە و فیلم بۆ نیشاندان، یان فرۆشتن، یاخود بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردنیان و دیاریکردنی نرخیان، بەمەرجێک نموونەی دروستکراو نیشانەیەکی هەبێت لەگەڵ ڕەسەنەکەی جیای بکاتەوە.

**شەشەم:** ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و ڕێکخستنی کۆڕ و کۆنفرانس و چالاکی هەمەجۆر لەسەر شوێنەوار و کەلەپوور، لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

**حەوتەم:** گەشەپێدانی پسپۆڕانی هەردوو بواری شوێنەوار و کەلەپوور بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانای کارکردنیان.

**هەشتەم:** گرنگیدانی زیاتر بە بابەتی شوێنەواریی و کەلەپووریی لە وانەکانی خوێندندا، بۆ مەبەستی ئاشنابوون و بڵاوکردنەوەی زیاتری رۆشنبیری شوێنەواریی لە کۆمەڵگەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**نۆیەم:** ڕێکخستنی تیمی ڕووپێوکردنی سەرتاسەری بۆ شوێنەوار و شوێنە کەلەپوورییەکان، بۆ ئەوەی لە نەخشەکان و بەڵگەنامەکانی ڕوپێویدا دیاریبکرێن و لەسەر نەخشەسازی بنەڕەتی دابندرێن و ئاماژە بە جۆرەکەیان بکرێت.

**دەیەم:** بەگەشتیاریکردنی ناوچە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان بە مەرجی پاراستنی سیمای ڕەسەنایەتیان.

**یازدەیەم:** ڕاگەیاندن و ناساندنی ناوچە و جێگا و پارچە شوێنەواریی و کەلەپووریيە دۆزراوەکان لە رۆژنامەی فەرمیدا.

**دوازدەیەم:** پلاندانان بۆ بارودۆخ و ڕووداوە لە ناکاوەکان، وەک مەترسیەکانی ئاگرکەوتنەوە، بومەلەرزە، لافاو، هەر مەترسییەکی تر و ڕووداوە مرۆیی و سروشتییەکان.

**سێزدەیەم:** هەماهەنگیکردن لەگەڵ دامەزراوە ئیتحادییەکانی عێراق سەبارەت بە شوێنەوار و کەلەپوور بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

١- تۆمارکردنی شوێنەوار و کەلەپوری هەرێم لە تۆماری (یونسکۆ)دا.

٢- گەڕاندنەوەی ئەو شوێنەوار و کەلەپوورانەی براونەتە دەرەوەی هەرێم.

٣- کارکردن بۆ خستنەڕووی شوێنەوار و کەلەپوور، یان لەبەرگیراوەکانیان لە مۆزەخانە بیانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا، بۆ ماوەیەکی کاتی لە پێناو ناساندنی مێژوو و ناسنامەی کوردستان.

٤- کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە شوێنەواریی و کەلەپووریيە جیهانییەکان، ئەنجومەنە جیهانییەکانی بواری مۆزەخانەکان، ڕێکەوتن و پەیماننامە جیهانییەکانی بواری شوێنەوار.

**ماددەی (٥):**

ئەرکەکانی هاونشتیمانییان:-

**یەکەم:** هەر هاونیشتمانییەك مافی ئەوەی هەیە زانیاری و سوود لە شوێنەوار و کەلەپوور وەربگرێت، و بەپێی ئەم یاسایە دەتوانێت بەشدار بێت لە پاراستن و گرنگی پێدانی شوێنەوار و کەلەپووری هەرێم.

**دووەم:** پێویستە هەموو تاکێک ڕێز لە شوێنەوار و کەلەپووری هەرێم بگرێت و بیپارێزێت.

**سێیەم:** هەر هاونیشتیمانییەک ئاگاداربێت لە بوونی شوێنەوارێک، یان کەلەپوورێکی گوازراوە یان نەگوازراوە، یاخود زانیاری لەبارەیەوە هەبێت، دەبێت لە ماوەی کەمتر لە (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر لە ڕێکەوتی ئاگاداربوونی یان پێزانینی، نزیکترین لایەنی فەرمی ئاگاداربکاتەوە، پێویستە لەسەر لایەنی ئاگادارکراوەش، کە لە ماوەی (٤٨) چل و هەشت کاتژمێردا زانیارییەکان بگەیەنێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکان.

## بەشی دووەم
## شوێنەوار و کەلەپوورە نەگوازراوەکان

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەکان تۆمارێکی کاغەزی و ئەلیکترۆنی تایبەت بە تۆمارکردنی بینا و باڵەخانە و ناوچە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان هەبێت، و ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی کە پەیوەندیدارن پێیانەوە، و ئەو مافی پەیوەندی هاوسێیەتیەی (حقوق الارتفاق) لە سەر موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوروبەریان هەیانە تێیدا تۆمار بکرێت، و تۆمارنامەکە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاوبکرێتەوە.

**دووەم:** مافەکانی پەیوەندی هاوسێیەتی، لەلایەن لیژنەی هونەری دیاری دەکرێت، بریتییە لە جێگیرکردنی پشتێنەیەک لە چواردەوری شوێنە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان، لەگەڵ رەخساندنی ڕێگا و ڕێڕەوی گەیشتن پێیان، بەمەرجێک شوێن و ناوچە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان پارێزراوبن.

**سێیەم:** ئەگەر پێشتر شوێنەوار تۆمارکرابێت و مافی پەیوەندی هاوسێیەتی لەسەر موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوروبەری دیاری نەکرابن، ئەوکات دەبێت بەپێی یاسا دەستنیشان بکرێن.

**چوارەم:** جۆری ئەو بینایەی دەکەوێتە دەوروبەری شوێنە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان، ئەگەر نوێبێت یان نوێبکرێتەوە، لە ڕووی شێواز و بەرزی و ڕەنگی ڕووکارەکەیەوە بە شێوەیەك دیاری دەکرێت کە لەگەڵ شوێنە شوێنەواریی و کەلەپووریەکانی تەنیشتیدا بگونجێت، ئەمەش بە هەماهەنگی لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەکان و لایەنی پەیوەندیدار جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** بەرێوەبەرایەتی گشتی، پاڵپشت بە یاسای بە موڵككردن (استملاک)ی بەرکار لە هەرێم، مافی بە موڵككردنی ئەو زەوی و موڵکە نەگوازراوانەی هەیە کە شوێنەواریی یان کەلەپوورین، بەرامبەر بە قەرەبوویەکی دادپەروەرانە.

**دووەم:** دەبێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە ڕێگای بەرێوەبەرایەتییەکان، شوێن و ناوچە و گەڕەکە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان و ناوچە پارێزراو و قەدەغەکراوەکان بپارێزێت، هەرکات ئەو جێگایانە مەترسی و هەڕەشەی لەناوبردنیان لەسەربێت.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** هەموو ناوچە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان، بەناوی موڵکی گشتییەوە تۆماردەکرێن و بۆ مەبەستی شوێنەواریی تەرخاندەکرێن.

**دووەم:** ئەو شوێن و موڵکانەی کەلەپوورین، دەکرێت بە موڵکی خاوەنەکانیان بمێننەوە، بەڵام نابێت هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا ئەنجامبدرێت، زیانیان پێبگەیەندرێت لەکاتی نۆژەنکردنەوە یان هەر کارێکی تردا و لە ژێر چاودێری و ڕێنمایی بەرێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەکان لایەنە کەلەپوورییەکەیان دەپارێزرێت.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** لە کاتی بەکارهێنان و دابەشکردنی زەوی و شوێنەکانی مۆڵکی دەوڵەت و کەسانی سروشتی یان مەعنەویدا، بۆ دروستکردنی خانوو و هەر بینایەکی تر، یان گۆڕینی سیمای خانوو و باڵەخانەکان، لەو شوێنانەدا کە شوێنەواریی و کەلەپووریی و ناوچەی پارێزراون، پێویستە هەماهەنگی و ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، و لە لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە و بە ڕەچاوکردنی ئاستی نزیکی و دووربیان لە شوێنە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکانەوە، چۆنییەتی کارکردن لەو شوێنانەدا دەستنیشان دەکرێت.

**دووەم:** لەکاتی بوونی هەر بەربەستێک لە جێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەکدا، لەوانەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون، بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکان لەسەر ئەرکی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەکە، کاری بەدواگەڕان و هەڵکۆڵین، بە لەبەرچاوگرتنی ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە، لە ماوەیەکی گونجاو بۆ گەڕانی زانستی ورد، ئەنجامدەدات، و تێچووی گەڕانەکە لە کۆی تێچووەکانی پرۆژەکەدا دیاری دەکرێت.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** سەرجەم شوێن و ناوچە ئایینیەکان، کە شوێنەواریی یان کەلەپوورین، مولْک و ماڵی دەوڵەت بن، یان تایبەت، یاخود وەقف، بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێن .

**دووەم:** نابێت شوێن و ناوچە ئایینیەکان لەکاتی نۆژەنکردن، یان دەستکاریکردن، یاخود هەر گۆڕانکارییەک، زیانیان پێبگەیەندرێت و دەبێت بەڕەچاوکردن و پاراستنی لایەنە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکەی، لە ژێر چاودێری و ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتی گشتییدا بن.

## بەشی سێیەم
## شوێنەوار و کەلەپوورە گوازراوەکان

**ماددەی (١١):**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی یا بەڕێوەبەرایەتی ئەم تۆمارانە دەگرێتە دەست:-

**یەکەم:** تۆماری تۆمارکردنی ئەو شوێنەوارە گوازراوانەی هاوولاتیان بە ڕێکەوت دۆزیویانەتەوە.

**دووەم:** تۆماری تۆمارکردنی ئەو کەل و پەل و کەرەستە کەلەپووریی و شوێنەوارییانەی کە لەو شوێنانەدا هەن کە لە ماددەی (١٠)دا دەقنووسکراون، و پێدانی بەڵگەنامەیەکی تایبەت بە خاوەنەکانیان، بەمەرجی چاودێریکردنی بەردەوامی شوێنەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:** کەسانی سروشتی و مەعنەویی بۆیان نییە شوێنەواری گوازراوەیان لابێت و دەبێت لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ، لەڕێکەوتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەوە، ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکەنەوە.

**دووەم:** پێویستە خاوەن یان دەستداری (حائز) پارچەی کەلەپووری و دەستنووس، لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لەرێکەوتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەوە، ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکاتەوە، بۆ ئەوەی تۆماربکرێت و سەرپەرشتی هاوبەش بکرێت.

**سێیەم:** پاڵپشت بە ڕێکارە یاساییەکان، خاوەنی پارچەی کەلەپووریی یاخود دەستنووسەکان، کە لە برگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە، بەرپرسن لە ونبوون و تێکچوونی پارچەکان .

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەتوانێت بڕیاری لێسەندنەوەی مافی خاوەنداریێتی هەر پارچەیەکی کەلەپووریی یان دەستنووس بدات، لەوانەی کە پێشتر تۆمار کراوە و لای خاوەنەکەیەتی، بەرامبەر بەقەرەبوویەکی دادپەروەرانەی خەمڵێنراو لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە.

**دووەم:** مافی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر پارچەی کەلەپووریی یان دەستنووس، تەنها بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکان دەبێت.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەتوانێت بە ڕەزامەندی وەزیر و بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتحادییەکان، بە مەبەستی تویژینەوەی زانستی و نۆژەنکردنەوە، بۆ دەوڵەمەندکردنی مۆزەخانەکانی هەرێم یان خستنەڕووی کاتی، شوێنەوار و کەلەپوورە گوازراوەکان بهێنێتە ناوەوەی هەرێم.

**دووەم:** هەرکەسێک بە پشت بەستن بە یاسا، هەر شوێنەوارێکی گوازراوە یان پارچەیەکی کەلەپووری بهێنێتە ناو هەرێم، پێویستە مۆڵەت لە وەزیر وەربگرێت.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە ڕێگای لیژنەی هونەرییەوە، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ ئەو شوێنەوار و کەلەپوورە گوازراوانە دەکات، کە لە دەرەوە هێنراونەتە ناو هەرێم، ئەگەر سەلمێندرا شوێنەوارین و لە وڵاتی خاوەنداری خۆیان بە شێوەیەکی نایاسایی براونەتە دەرەوەی وڵات، ئەوکات دەستی بەسەردا دەگیرێت و بە ڕەچاوکردنی مەرجی مامەڵەی هاوشێوە بۆ وڵاتە ڕەسەنەکەی دەگەڕێندرێتەوە.

**ماددەی (١٥):**

وەزیر دەتوانێت بە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتحادییەکان:-

**یەکەم:** بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی، یان نۆژەنکردنەوە، یان خستنەڕووی کاتی، شوێنەوار و کەلەپوورە گوازراوەکان بنێرێتە دەرەوەی هەرێم.

**دووەم:** ئەو شوێنەوار یان کەلەپوورە گوازراوانەی هاوشێوەکانیان لە هەرێم دا هەیە، بۆ مەبەستی بەدیهێنانی توێژینەوە و سوودی زانستی، یان مێژوویی، یان هاوکاریکردن و دەوڵەمەندکردنی مۆزەخانەکانی هەرێم، لەگەڵ مۆزەخانە و زانکۆ و پەیمانگە و دامەزراوە زانستییەکانی دەرەوەی هەرێمدا، ئاڵوگۆڕیان پێبکات.

## بەشی چوارەم
## کاری شوێنەواریی و کەلەپووریی و گەڕان و ڕووپێوی و هەڵکۆڵین و نۆژەنکردنەوە

**ماددەی (١٦)**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی تایبەتمەندە بەکاری شوێنەواریی و کەلەپووریی لە هەرێم.

**دووەم:** هیچ کەس و لایەنێک بۆی نیە کاری شوێنەواریی یان کەلەپووریی لە هەرێم ئەنجام بدات، تەنانەت لەسەر زەوی و موڵکی خۆشی بێت، تەنها بە مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەبێت.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆی هەیە ڕێگا بە پسپۆران و دام و دەزگا زانستی و زانکۆ و پەیمانگەکانی ناوخۆ و بیانییەکان بدات بۆ مەبەستی کاری شوێنەواریی و کەلەپووریی، لە بواری شوێنەوار و کەلەپووردا، ئەمەش دوای دڵنیابوونەوە لە توانا و لێهاتوویی زانستی و دارایی ئەو لایەنانە.

**ماددەی (١٧)**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەو زەوی و شوێنانەی کە موڵکی دەوڵەت یان کەسانی سروشتی و مەعنەوین، و ناوچەی شوێنەواریی یان کەلەپووریی لەخۆدەگرن، کاری شوێنەواریی و کەلەپووریی ئەنجام دەدات.

**دووەم:**

١- ئەو زەوی و شوێنانەی کاری شوێنەواریی یان کەلەپووریيان تێدا ئەنجامدراوە ، ئەگەر دەرکەوت شوێنەواریی و کەلەپووریی نین، دەگەڕێندرێنەوە بۆ دۆخی پێش ئەنجامدانی ئەو کارانەی تێیاندا کراون.

٢- ئەگەر ئەو شوێن و زەوییانەی ئاماژەیان پێکراوە، موڵکی کەسانی سروشتی یان مەعنەوی بوون و لە ئەنجامی گەڕان و ڕووپێوی و هەڵکوڵین زیانمەندبوون، ئەوا پاڵپشت بە خەمڵاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بە ڕەزامەندی هەردوولا، یان لە ڕێگای دادگاوە، قەرەبووی زیانەکانیان دەکرێتەوە.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکان ماوەی کاری شوێنەواریی و کەلەپووریی دیاریدەکەن و دەکرێت ماوەکە درێژبکرێتەوە.

**چوارەم:** هەموو ئەوانەی کاری شوێنەواریی و کەلەپووریی ئەنجام دەدەن ، پشت بەو توێژینەوە و کارانە دەبەستن کە لە پێشتردا لەلایەن شوێنەوارناسانی ناوخۆیی و بیانییەوە ، لە هەمان شوێن، یان دەوروبەری ، یان نزیکی شوێنی دەستنیشانکراو بۆ کارکردن ، ئەنجامدراون.

**پێنجەم:** لە کاتی گەڕان و ڕووپێوی و هەڵکۆڵیندا، کە پارچەی شوێنەواریی یان کەلەپووریی دەدۆزرێتەوە، بەپێی سنووری جوگرافیای شوێنی کارکردن، پارچە دۆزراوەکان دەگەڕێندرێنەوە بۆ مۆزەخانەی ئەو شارە، یان ئەو شوێنەی کاری تێدا دەکرێت .

**شەشەم:** هەر شوێنەوارناسێک یان کارمەندێکی بواری شوێنەوارناسی لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمدا ، بۆ مەبەستی زانستی و ئەنجامدانی توێژینەوە و کاری شوێنەواریی ، دەتوانێت سەردانی ناوچە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان بکات، بەمەرجێک پشتگیری لایەنە ئەکادیمییەکەی هەبێت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکان ئاگاداربکاتەوە.

**ماددەی (١٨)**

لیژنەی کاری شوێنەواریی و کەلەپووریی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەکان بەم شێوەیە پێکدەهێنرێت:-

**یەکەم:** سەرۆکی لیژنە، یان نێردە، مەرجە پسپۆڕێکی شوێنەواریی شارەزا و خاوەن ئەزموون بێت.

**دووەم:** دەبێت ئەندامانی لیژنەکانی کاری شوێنەواریی و کەلەپووریی بەپێی پێویست شوێنەوارناس بن، و دەکرێت بە پێی پێویستی ئەو ناوچەیەی کاری تێدا دەکرێت چەند پسپۆڕییەکی دیکەش ئەندام بن .

**سێیەم:** لەکاتی کارکردندا لەگەڵ تیمی مۆڵەت پێدراو، پێویستە لانیکەم دوو شوێنەوارناس کە کارمەندی بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بن، وەک نوێنەر و ئەندام کاربکەن، و مافی زانستی تەواویان هەبێت لە نووسینی ڕاپۆرت و بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و بەشداریکردنی کۆڕ و کۆنفرانسدا، لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم، بەرپرسیش دەبن بەرامبەر هەر کەموکورییەک لە کارکردندا ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکانی لێ ئاگادارنەکەنەوە.

**ماددەی (١٩):**

ئەو لایەنانەی داوای کارکردن لە بواری شوێنەواریی و کەلەپووریدا دەکەن، پابەند بن بە:-

**یەکەم:** پێشکەشکردنی داواکارییەک بە بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ مەبەستی کاری شوێنەواریی و کەلەپووریی، کە ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:-

١- تایبەتمەندی و شارەزایی داواکاران و توانای داراییان.

٢- زانیاری لەسەر ئەندامانی تیمی پێشکەشکاری داواکە و ڕەچاوکردنی لایەنی زانستی و پسپۆڕییان.

٣- داواکار لە لایەنێکی زانستی باوەڕپێکراوی وەکو زانکۆ، پەیمانگا، یان دەزگایەکی شوێنەوارییەوە، ڕێگاپێدراوبێت.

٤- ئەگەر تیمی داواکار لە دەرەوەی عێراق بێت، پێویستە پشتگیری نوێنەرایەتی وڵاتەکەی لە هەرێم یان باڵیوزخانەکەی لە عێراق هەبێت .

٥- دیاریکردنی ژمارە و ئاستی ئەو کرێکارانەی لەگەڵیدا کاردەکەن، لەگەڵ توانا زانستییەکانیان.

٦- دابینکردنی پاسەوان بۆ شوێنەکە لە ماوەی کارکردندا.

٧- هەوڵدان بۆ دابینکردنی کورسی خوێندن و زەمالە بۆ فەرمانبەرانی شوێنەوارناسی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**دووەم:**

١- پێشکەشکردنی نەخشەیەک، کە تێیدا سنووری شوێنی کارکردنەکە ڕوونبکاتەوە و ئاماژەش بکرێت بە ناوچە شوێنەوارییەکان.

٢-پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی بەرنامەی کاری ساڵانە و ڕاپۆرتی گشتیش لە کۆتایی کارەکانی گرێبەستدا، دەدرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

٣-پێویستە بۆ کارکردن سوود لە بەشەکانی شوێنەوارناسی لە هەرێم وەربگیرێت.

**ماددەی (٢٠):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی، دوای پێشکەشکردنی داواکارییەکەی تیمی داواکار، پێداچوونەوە و وردبینی بۆ دەکەن و پاشان بڕیاری لەسەر دەدەن.

**دووەم:** داواکار گرێبەستێک لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتییدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی کارکردن ئەنجام دەدات، کە تێیدا ماف و پابەندبوونی هەردوولا دیاریدەکرێت و دواتر لەلایەن وەزیرەوە پەسەند دەکرێت.

**ماددەی (٢١):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەکان، کاری بەدواداچوون و چاودێریکردنی تیمی مۆڵەتپێدراوی کاری شوێنەواریی و کەلەپووریی دەکەن.

**دووەم:** لەکاتی سەرپێچیکردنی یەکێک لە مەرجەکانی گرێبەستی کارکردنی لە کاری شوێنەواریی و کەلەپووریی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەکان بە نووسراو ئاگاداری لایەنی بەرامبەر دەکەنەوە، بۆ لادانی سەرپێچییەکە لە ماوەیەکی گونجاو و دیاریکراودا.

**سێیەم:** ئەگەر لایەنی بەرامبەر سەرپێچییەکەی لانەبرد، لەسەر داواکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی، وەزیر گرێبەستەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

**ماددەی (٢٢):**

**یەکەم:** هەر کەل وپەلێکی شوێنەواریی یان کەلەپووریی لەسەر خاکی یان ژێر خاکی هەرێم بدۆزرێتەوە موڵکی دەوڵەتە.

**دووەم:** هەر کەل وپەلێکی شوێنەواریی یان کەلەپووریی دۆزرایەوە دەستبەجێ وێنەی دەگیرێت و تۆماردەکرێت و لە شوێنێکی گونجاو دەپارێزرێت.

**سێیەم:** بەبێ ڕەزامەندی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەکان، نابێت زانیاری لەسەر ئەو پارچە و شوێنانەی دۆزراونەتەوە بڵاوبکرێنەوە یان دەستکاریی بکرێن و مامەڵەیان پێوەبکرێت، چ لەناوەوەی هەرێم بێت، یان لە دەرەوە.

**چوارەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆیان هەیە ئەمانەی خوارەوە بدەن بەو لایەنانەی کاری گەڕان و ڕووپێوی و هەڵکۆڵین دەکەن:

١- قاڵبی شوێنەوارە دۆزراوەکە بە وێنە و هێڵکاری و نەخشەکانییەوە.

٢- پارچەی گڵێنە و ماددە ئەندامی و خۆڵینەکان، بەمەبەستی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە، بەمەرجێک لە ماوەیەکدا کە لە (١) یەک ساڵ تێپەڕ نەکات، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێت.

٣- ئەو پارچانەی لە خاڵی (٢) ئەم بڕگەیەدا هاتوون، ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتییەکان ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن و لە باج و ڕسومات دەبەخشرێن.

**پێنجەم:** پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەکان و تیمی مۆڵەتدراو، ساڵانە ئەنجامی وەرزی کارکردن ڕابگەیەنن.

## بەشی پێنجەم
## ڕێگاپێنەدراوەکان و سزاکان

**ماددەی (٢٣):**

ڕێگاپێنەدراوەکان:-

**یەکەم:** جگە لەوەی کە لەم یاسایەدا ڕێگەی پێدراوە، ڕەفتارپێکردن و تێکدانی شوێن و بینا و ناوچەی شوێنەواریی و شەقام و بازار و خانوو و گەڕەکە کەلەپوورییەکان و ناوچە پارێزراوەکان و پارچەی شوێنەواریی و کەلەپووریی، گوازراوە و نەگوازراوە، و شوێنە مێژووییەکان و دەستنووسەکان، قەدەغەیە.

**دووەم:** ئەو زەوی و شوێنەی شوێنەوار، کەلەپوور و شوێنە مێژووییەکانی تێدایە، تۆماری لە ڕۆژنامەی فەرمییدا بڵاوکرابێتەوە یان بڵاونەکرابێتەوە، خاوەنەکەی بۆی نییە دەستکاری ماددی بکات یان تێکیبدات یاخود گۆڕین لە ڕووکاری دەرەوەیدا بکات.

**سێیەم:** فرۆشتن و بازرگانی پێکردنی شوێنەوار و کەلەپوور قەدەغەیە.

**چوارەم:** نابێت پارچەی شوێنەواریی و کەلەپووریی لەبەری بگیرێتەوە، تەنها بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەبێت و ئامانجی لەبەرگرتنەوەکەش تەنها بۆ ڕاهێنان و توێژینەوەی زانستی، یان بۆ نیشاندان، یان بۆ فرۆشتن، یان بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنیان دەبێت.

**پێنجەم:** نابێت هیچ مۆزەخانەیەکی شوێنەواریی تایبەت و گشتی مولّکی کەسی بن، و کردنەوەی مۆزەخانەی کەلەپووریی و سروشتیش پێویستە بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێت و لەژێر چاودێری ئەودا بێت.

**شەشەم:** بەبێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی، ڕێگانادرێت بە بەکارهێنانی ناو و ناونیشانی شوێنەواریی یان کەلەپووریی، لە شوێنە گشتی و بازرگانییەکاندا.

**ماددەی (٢٤):**

سزاکان:-

**یەکەم:** هەرکەسێک پارچەی شوێنەواریی یان کەلەپووریی یان دەستنووسی گوازراوەی تۆمارکراو یان تۆمارنەکراوی لابێت و لەماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکان نەکاتەوە، یان ببێتە هۆی ونبوون یان لەناوچوونی ئەو پارچەیە، بە بەندکردن و پێبژاردن بە بڕی دوو هێندەی نرخی خەملێنراوی پارچە شوێنەواری یان کەلەپوورییەکە، سزادەدرێت.

**دووەم:**

١- هەرکەسێك شوێنەوارێک یان کەلوپەلی کەلەپووریی بدزێ، کە لە ژێر دەستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکاندا بێت، بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە (١٠) دە ساڵ زیاتر نەبێت سزادەدرێت، هەروەها بە پێبژاردنێک بەبڕی شەش هێندەی نرخی خەملێنراوی پارچە شوێنەواریی یان کەلەپوورییەکە، سەرەڕای گەڕاندنەوەی.

٢- ئەم بارانەی خوارەوە بە بارودۆخی توند ئەژماردەکرێت و ئەنجامدەرەکەی بە سزای زیندانی هەمیشەیی سزا دەدرێت:-

أ- ئەگەر پارچەی شوێنەواریی یان کەلەپووریی دزراو نەگەڕێندرایەوە.

ب- ئەگەر ئەنجامدەری تاوان یەکێک بوو لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکان، یان ڕاسپێردراو بە پارێزگاریکردن لە شوێنەوار، یاخود ئەوانەی کاردەکەن لە بەڕێوەبردنیدا.

ج- ئەگەر تاوانەکە لەلایەن دوو کەس و زیاتر، بەبەکارهێنانی هێز و زۆرەملێیی، ئەنجامدرا.

**سێیەم:**

١- هەرکەسێک پارچەی شوێنەواریی بباتە دەرەوەی هەرێم، یان بەشداربێت لە بردنە دەرەوەیدا، بە زیندانیی هەمیشەیی سزادەدرێت.

٢- هەرکەسێک بە ئەنقەست کەلوپەلی کەلەپووریی بباتە دەرەوەی هەرێم، یان بەشداربێت لە بردنە دەرەوەی، بە بەندکردن کە لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت و پێبژاردنێک بە بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار سزادەدرێت.

**چوارەم:**

١- هەر کەسێک بەبێ ڕەزامەندیی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی، کاری گەڕان و رووپێوی و هەڵکۆڵین ئەنجامبدات، یان هەوڵی دۆزینەوەی شوێنەوار بدات، بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە (٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێت، سزادەدرێت.

٢- ئەگەر کاری گەڕان و رووپێوی و هەڵکۆڵین، یان هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار، بووە هۆی گۆڕینی شوێنەوارەکە، دەبێت ئەنجامدەر قەرەبووی دوو هێندەی نرخی خەمڵێنراوی زیانەکە بکاتەوە و دەست بەسەر شوێنەوارە دەرهێنراوەکە و کەلوپەلەکانیشدا دەگیرێت.

٣- دەبێت تاوانبار لەسەر خەرجی تایبەتی خۆی، بارەکە بۆ دۆخی ئاسایی بگەڕێنێتەوە .

٤- ئەگەر تاوانبار فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکان بێت، بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە (١٥) پازدە ساڵ زیاتر نەبێت، سزادەدرێت.

**پێنجەم:**

١- هەرکەسێک بازرگانی بە کەلوپەل و پارچەی شوێنەواریی یان کەلەپوورییەوە بکات، دەست بەسەر کەلوپەلەکاندا دەگیرێت و بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە (١٠) دە ساڵ زیاتر نەبێت سزادەدرێت، سەرەڕای پێبژاردنێک بە بڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار، ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکان بێت، ئەوا بە هەمان ماوەی ساڵ بە زیندانیکردن سزادەدرێت، سەرەڕای پێبژاردنێک بە بڕی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار.

٢- هەرکەس بەبێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بازرگانی بە کەلوپەل و پارچەی شوێنەواریی یان کەلەپوورییەوە بکات، چ ساختەکراو، یان لاساییکراوە بێت، ئەوا دەست بەسەر کەلوپەلەکاندا دەگیرێت و بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت سزادەدرێت، سەرەڕای پێبژاردنێک بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار، ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکان بێت، بە هەمان ماوەی ساڵ بە بەندکردن سزادەدرێت سەرەڕای پێبژاردنێک بە بڕی (٦,٠٠٠,٠٠٠) شەش ملیۆن دینار.

**شەشەم:** هەر کەسێک زێدەڕۆیی بکاتە سەر خانوویەک، باڵەخانەیەک، گەڕەکێک، یان هەر شوێنێکی تری شوێنەواریی یان کەلەپووریی، بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی فەرمی، چ بە تێکدان، گۆڕینی سیما یان گۆڕینی ئەو مەبەستەی کە بۆی تەرخانکراوە، بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە (١٠) دە ساڵ زیاتر نەبێت سزادەدرێت، و پابەندیش دەکرێت لەسەر خەرجی خۆی زیادەڕۆییەکە بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی پێشتر.

## بەشی شەشەم
## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی (٢٥):**

بۆجێبەجێکردنی حوکمەکانی ماددەی (١٤ و ١٥)ی ئەم یاسایە، سوود لە کارمەند و پسپۆڕانی بواری زانستی شوێنەوارناس لە خاڵ و دەروازە سنوورییەکان وەردەگیرێت.

**ماددەی (٢٦):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەر و بەرپرسی مۆزەخانەکان و بنکەکانی شار و شارۆچکەکان دەبێت شوێنەوارناس بن، و تەنها بۆیان هەیە (٤) چوار ساڵ لەو پۆستەدا کاربکەن و دەکرێت (٤) چوار ساڵی تر ماوەی کارکردنیان درێژبکرێتەوە .

**دووەم:** سەرۆکایەتیی و بەڕێوەبردنی کاری شوێنەواریی و کەلەپووریی لە پڕۆژەکان و کۆمسیۆنەکان و ناوچەکاندا دەبێت بە کەسانی شوێنەوارناس بسپێردرێت.

**ماددەی (٢٧):**

ئەرکەکانی لیژنەی هونەری:-

**یەکەم:** بۆ دیاریکردنی هەر کەلوپەلێک و پارچەیەکی شوێنەواریی و کەلەپووریی، کە ڕەسەنە یان ساختەیە، بڕیار و ڕاسپاردەی لیژنەی هونەری یەکلاکەرەوە دەبێت.

**دووەم:** خەمڵاندنی بڕی قەرەبووی ماددی ئەو زیانانەی بەر شوێنەوار، یان کەلوپەلە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان دەکەون، بەهای دارایی دەبێت، هاوکات پێویستە زیانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەش کە لەم شوێنانە کەوتوون دیاری بکرێت.

**سێیەم:** دیاریکردنی نرخی هەر پارچەیەکی شوێنەواریی یان کەلەپووریی کە پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکان دەکرێ.

**چوارەم:** دیاریکردنی بڕی پاداشت بۆ هەر کەسێک کە شوێنەوار یان کەلەپوور دەدۆزێتەوە، یان زانیاری دەدات بۆ دۆزینەوەی.

**ماددەی (٢٨):**

**یەکەم:** ڕێژەی (٥٠٪) پەنجا لە سەدی داهاتی گشتیی شوێنەوار، بۆ گەشەپێدانی بواری شوێنەواری و کەلەپووریی تەرخاندەکرێت.

**دووەم:** پێویستە لە بوودجەی گشتییدا، بوودجەیەکی ساڵانە بۆ کاروباری شوێنەوار و کەلەپوور تەرخان بکرێت.

**ماددەی (٢٩):**

لەکاتی پێویستدا، وەزیر لە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە، هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتیحادییەکانی تایبەت بە شوێنەوار و کەلەپوور دەکات.

**ماددەی (٣٠):**

وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (٣١):**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣٢):**

یاسای شوێنەواری عێراقی، ژمارە (٥٩)ی ساڵی ١٩٣٦ی کارپێکراو لە هەرێم کاری پێناکرێت.

**ماددەی (٣٣):**

کار بە هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت، کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٣٤):**

ئەم یاسایە، لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێدەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

شووێنەوار و کەلەپوور و شوێنە مێژووییەکان، سامانی نیشتیمانی و میراتێکی ڕۆشنبیری و زانستی و ناسنامەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی گەلی کوردستانن، لە پێناو بەڕێوەبردن و پاراستن و ڕێگریکردن لە بازرگانی پێکردن و لەناوچوون و بە گەشتیاریکردنی لە هەرێمی کوردستان - عێراقدا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**

**٢٠٢١/٦/٢٧**